


## بچووکترین کەیسی کۆمپیوتەر

ئەگەر تەنیا بۆ دە ساڵ لەمەوبەر بگەڕێینەوە، دەماندیت لە پەنا مێزی ئیدارە و نووسینگەکان، کەیسی گەورەی کۆمپیوتەر دەبیندرا، ئەمڕۆکە کەیسەکان بچووکتر و شاشەکانیش تەنکتر بوون.

کۆمپیوتەری جۆری AmplicitY ئەوەندە بچووکە لە گیرفاندا جێگەی دەبێتەوە، بەڵام تواناکانی لە کۆمپیوتەرە گەورەکان کەمتر نییە، هاردی کۆمپیوتەرەکە رامەکەی 4 گێگابایتە، هاردەکەی 128 گێگایە. کۆمپیوتەرەکە سیستەمی بلوتوس و وای-فای هەیە. کۆمپیوتەرەکە دوو جۆری هەیە. کۆمپیوتەرەکە سیستەمی ویندۆز و چەند پڕۆگرامێکی ئەدۆبی لەسەر داندراوە.




## مێزێکی زۆر تایبەت بۆ لاپتۆپ

ساڵانە لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا هەزاران بیرۆکە و داهێنان لەلایەن شارەزایانی ئەو بوارانە دێنە گۆڕێ، هەرچەندە کەم لەم بیرۆکانە دەگەنە بواری کرداری و تەنیا وەك بیرۆکە دەمێننەوە، یەکێك لەم بیرۆکانەی کە ساڵی رابردوو لە پیشانگەی ساڵانەی تەکنەلۆژیای نوێدا نیشان درا، ئەم مێزەی لاپتۆپە کە بە شێوەیەکی بازنەییە داهێنەرانی ئەم بیرۆکەیە دەڵێن مێزێکی لەم جۆرە بۆ تەندروستی باشە و لەگەڵ سیستەمی ئۆرگۆنۆمی واتە چۆنیەتی زانستییانەی دانیشتن لەسەر کۆمپیوتەر دەگونجێت، بە جۆرێك کە لە داهاتوودا ئازار بە بڕبڕەی پشت نەکەوێت و چاوەکانیش بپارێزرێن لە زیانەکانی تیشکی کۆمپیوتەر، ئەو بیرۆکەیە رەنگە لە داهاتوودا ببێت بە راستی و بە چڕی بەرهەم بهێندرێت.



# گڵاسی هۆشمەند، یان تاقیگەی گەڕۆک

بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێ، گڵاسێکی هۆشمەندیان بەرهەمهێناوە کە بە vessyl ناسراوە، لە راستیدا گڵاسەکە وەك تاقیگەیەکی گەڕۆك وایە. چونکە هەرکاتێك شلەمەنییەکت تێکرد، گڵاسەکە ئاگادارت دەکاتەوە کە چ شلەمەنییەك لە گڵاسەکە دایە و چەندە وزەت پێدەبەخشێت و چ زیانێکی هەیە. گڵاسەکە 385 میلی لیتر شلەمەنی هەڵدەگرێت، گڵاسەکە شاشەیەکی هەیە لەسەر شاشەکەدا زانیاری ورد سەبارەت بە شلەمەنییەکە وەك رێژەکەی چەندە، چەندە وزە، شەکر، چەوری، کافیین و پرۆتین و ...تاد تێدایە نیشان دەدات. گڵاسەکە پێویستی بە شەحن کردنەوە هەیە و لە هەر شەحنکردنەوەیەکیشدا هەفتەیەك شەحنی دانابەزێت.



# بلوتوس دەبێتە کلیلی قفڵەکان


توێژەرانی زانکۆیەکی ئەمریکی توانیویانە بە سوود وەرگرتن لە سیستەمی بلوتوس قفڵی بەبێ کلیل چێ بکەن. قفڵ بلوتوسییەکان کە بە Quicklock ناسراون پێویستی بە کلیل یان پاسوۆرد نییە بەڵکو لە رێگەی مۆبایل و بە سیستەمی بلوتوس دەکرێنەوە. تەکنەلۆژییەکە بەم جۆرەیە بەکارهێنەر دەبێت لە رێگەی بلوتوسەوە کۆدی کردنەوەکە بۆ قفڵەکە بەرێ بکات. ئەگەر جارێك شەحن بکرێتەوە هەتا دوو ساڵ شەحنی دانابەزێت.



# ئەیسەر کۆمپیوتەرێک بە سیستەمی کرۆم بەرهەم دێنێ

سیستەمی کرۆم کە هی کۆمپانیای (گوگل)ـە هێشتا بەو جۆرەی پێویستە شوێنی خۆی نەکردۆتەوە، زۆربەی خەڵکی جیهان سیستەمی ویندۆز، یان سیستەمی ماك بە کاردێنن. کۆمپانیای ئەیسەر کۆمپیوتەرێکی یەکپارچەی بەرهەم هێناوە کە سیستەمی کرۆمی لەسەرە، شاشەی کۆمپیوتەر نوێیەکە 21 ئینجە، لەمسییە، توانای نیشاندانی فول ئیچ دییە. رامەکەی چوار گیگابایتە، شوێنی داکردتن و هەڵگرتنی داتاکان بە شێوەی مەجازی واتە (کلۆد) 100 گیگابایتە، بەڵام ئایا کۆمپیوتەرێك بەم هەموو توانایەوە بتوانێت شوێنی خۆی بکاتەوە، چونکە سیستەمی کرۆم وەك ئاماژەی پێکرا هێشتا خەڵك کەمتر پێی ئاشنایە.

## دەمانچەیەک وێنەدەگرێ و پرێنتیش دەکات




لە دەمانچە جگە لە تەقەکردن و کوشتن هیچ چاوەڕوانییەك ناکرێ، دەمانچە بۆ ئەم مەبەستە چێکراوە، بەڵام ئەم دەمانچەیەی کە دەیبینن هەرکاتێك نیازت هەبێت تەقە لە یەکێك بکەی، لەبری گوللە وێنە دەگرێ و پرێنتیش دەکات، ئەم دەمانچە کامێرا نوێیە بە game boy camera ناسراوە، کاتێك وێنەیەك دەگرێ، هەرئەوکات پرێنتیشی دەکات.




## پرۆگرامێک بۆ گەڕاندنەوە زانیارییە سڕاوەکانی مۆبایل

گەلێك پرۆگرامی گەڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکانی سەر کۆمپیوتەر، فلاش میمۆری و کارت میمۆری هەن کە هەرکام توانا و کارکردیان جیاوازە. یەکێك لەو پرۆگرامانەی گەڕاندنەوەی زانیارییە سڕاوەکان، پرۆگرامی undeleter recover filesە، ئەم پرۆگرامە جگە لەوەی فایلە سڕاوەکانی کۆمپیوتەر و فلاش میمۆری دەگەڕێنێتەوە، زانیارییە سڕاوەکانی سەر مۆبایلیش دەگەڕێنێتەوە، زۆر جاران بەهۆی فۆرمات کردنی مۆبایلەوە زۆربەی زانیارییەکانی سەر مۆبایل وەك وێنە، فیلم و فایلی دەنگی دەسڕێنەوە، پرۆگرامی ناوبراو ئەم زانیارییانە دەگەڕێنێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ئەگەر نیازم هەبێت کۆمپیوتەرەکەم بفرۆشم یان بیبەخشم بە کەسێکی دیکە ئایا ڕێگایەك هەیە کە بکرێت بە هیچ پرۆگرامێکی ڕێکۆڤەری واتە ئەو پرۆگرامانەی بۆ گەڕاندنەوەی فایلەکان سوودیان لێدەبیندرێت، زانیاری و داتاکان نەگەڕێنەوە؟

خوێنەری بەڕێز، بەڵێ هەروەك دەزانی پرۆگرامەکانی ریکۆڤەری بۆ گەڕاندنەوەی داتاکان سوودیان لێدەبیندرێ، لە ئاست ئەو پرۆگرامانەشدا پرۆگرامی دیکە هەن کە بە پرۆگرامی file shredder ناسراون، لە گوگڵدا سێرچ بکە ئەو پرۆگرامانە دەدۆزیەوە بەهۆی ئەو پرۆگرامانە بە هیچ ریکۆڤەرییەك فایلەکان ناگەڕێندرێنەوە.

# لە یاهوودا پاسۆرد نامێنێت

بەرفرەترین و چالاکترین ئیمێل، ئیمێلی کۆمپانیای یاهوویە، کەم کەس هەیە لەم سایتەدا ئیمێلی خۆی نەبێت، ئیمێلی یاهوو لە جیهانی ئینتەرنێتدا پێشینەیەکی لەمێژینەی هەیە، بەرلە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئیمێل و ماسەنجەری یاهوو ئەرکی گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتییان دەگێڕا.

بۆ کردنەوەی ئیمێل پێویستت بە پەسۆردی تایبەت بەخۆتە، واتە کۆدی نهێنی. گەورەترین گرفتیش ئەوکاتە روو دەدات کە پاسوۆردەکەت لەبیر نەمێنێت، یان یەکێك پاسوۆردەکەی تۆی زانیبێت. کۆمپانیای یاهوو سیستەمێکی نوێی داهێناوە بۆ کۆتاییهێنان بەم کێشەیە، ئەویش ئەوەیە دەچیە سەر ئەو بەشەی کە لە سەروەی ئیمێلەکە ناوی بەکارهێنەرەکەی نووسراوە، لەودا فەرمانی account security هەڵبژێرە، پاشان کلیك لەسەر لینکی get started بکە، دواتر داوای ژمارە مۆبایلت لێدەکات، کە بە ناردنی کۆدێك بۆ مۆبایلەکەت دەتناسێنێ، دوای ئەمە کاتێك ئیمێلەکەت بکەیەوە لە شوێنی پاسوۆردەکە بەشێك هەیە بە ناوی seng my password کاتێك ئەوەت لێدا پاسوۆردێك بۆ مۆبایلەکەت دێت، واتە لە هەر کردنەوەیەکدا پەسۆردێکی جیات دەبێت و هیچ کات پێویست ناکات پاسوۆرد لەبەر بکەیت، بەڵام ئەوەندەی هەیە دەبێت حەتمەن مۆبایلەکەت لای خۆت بێت.

## سایتێک بۆ چێکردنی DJ و ئاواز دانان

گەر یەکێکی لە ئۆگرانی مۆسیقا، بەڵام ئامێرەکانی مۆسیقیت لە دەست دانییە و توانای کڕینی ئامێرەکانت نییە، سەر لە سایتیhtml5drummachine.com بدە، لەم سایتەدا دەتوانی کار لەسەرچەند ئامێر بکەی و بەهۆی ئەوانەوە ئەو ئاوازە لێبدەی کە خۆت حەزی لێدەکەی. راستە رەنگە وەك ئامێری مۆسیقا نەبێت، بەڵام دەتوانێت تا رادەیەکی زۆر ویستەکانتان بێنێتە دی. تەنانەت دەتوانی ئەو ئاوازەی کە لێیدەدەی تۆماری بکەی و پاشان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی بکەیەوە.